# پوختەی بنەماکانی ئیمان و ئیسلام

## باسی پاکوخاوێنی

< کوردي - کردي - kurdish >

دکتۆر عبد الله محمد أحمد الطيار

وەرگێرانی: ئومێد عمر على
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# خلاصة الكلام في أركان الإيمان والإسلام

## باب الطهارة

عبد الله محمد أحمد الطيار

ترجمة : أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# باسی پاکوخاوێنی

ئەم بابەتە ئەم باسانەی لەخۆ گرتووە :

1) پاکوخاوێنی (الطهارة).

2) حوکمی پاکوخاوێنی (الطهارة) .

3) جۆرەکانی پاکوخاوێنی (الطهارة) .

4) چوونە سەر ئاو و ئادابەکانی .

5) دەست نوێژ گرتن .

6) مانای دەست نوێژ گرتن .

7) بەڵگەی دەست نوێژ گرتن .

8) فەزڵی دەست نوێژ گرتن .

9) فەرزەکانی دەست نوێژ .

10) سوننەتەکانی دەست نوێژ.

11) مەکروهاتەکانی دەست نوێژ.

12) چۆنیەتی دەست نوێژ گرتن .

13) هەڵوەشێنەرەوەکانی دەست نوێژ .

14) چەند بابەتێکی گرنگ شایانی باسکردنە .

15) مەسح کردن لەسەر (خوفەکان) .

16) پێناسەی (خوفەکان) .

17) بەڵگەی مەسح کردن لەسەر (خوفەکان) .

18) مەرجەکانی مەسح کردن لەسەر (خوفەکان) .

19) ماوەی مەسح کردن لەسەر (خوفەکان) .

20) چۆنیەتی مەسح کردن لەسەر (خوفەکان) .

21) بەتاڵ کەرەوەکانی مەسح لەسەر (خوفەکان) .

22) خۆشتن .

23) ئەو شتانەی خۆشتن واجب دەکەن .

24) چۆنیەتی خۆشتن .

25) تەیەموم .

26) چی کاتێك تەیەموم کردن دروستە .

27) ئەو شتانەی تەیەموم بەتاڵ دەکاتەوە .

28) چۆنیەتی تەیەموم کردن .

29) باسی حەیز و ئافرەتی مناڵ بوو .

30) پێناسەی حەیز .

31) پێناسەی ئیستحاضە .

32) هەندێك لە حوکمەکانی ئافرەتی حەیزدار و مناڵ بوو .

33) حاڵەتەکانی موستەحاضە .

34) هەندێك لە حاڵەتەکانی موستەحاضە .

## پاكوخاوێنی (الطهارة)

حوكمەكەی : پاكوخاوێنی (الطهارة) واجبە ئەویش بە بەڵگەی قورئان و سوننەت، خوای گەورە لەبارەی پاكوخاوێنیەوە فەرموویەتی : ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾([1]) واتا : ئەگەر لەشتان گران بوو، ئەوە خۆتان خاوێن بكەن و خۆتان بشۆن، وە فەرموویەتی :﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ ([2]) واتا : بەڕاستی خوا تەوبەكاران و پاكانی خۆشدەوێت (ئەوانەی ڕواڵەت و ناوەڕۆكیان پاكە، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی : { مفتاح الصلاة الطهور } ([3]) واتا : كلیلی نوێژكردن پاكوخاوێنی یە .

### جۆرەكانی پاكوخاوێنی (الطهارة) :

پاكوخاوێنی دوو جۆرە : مەعنەوی و بەرجەستە .

**پاكوخاوێنی مەعنەوی :** مەبەست پێی پاكردنەوەی دەروونە لە شوێنەواری تاوان و گوناهـ، ئەویش بە تەوبەكردنێكی ڕاستگۆیانە، وە پاك كردنەوەی دڵ لە چڵك و پیسی شیرك وهاوبەشی دانان، و ڕق و كینە و حەسوودی وغەش و فرِوفێڵ و خۆبەزلزانین و خۆشەویستی پلەوپایە، ئەمەش پاك نابێتەوە بە ئیخلاص و دڵسۆزی و خۆشەویستی خێر و چاكە و لەسەرخۆیی و خۆبەكەمزانین و ڕاستگۆی نەبێت، هەموو ئەمانە مەبەست پێی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، نەك هیچ كەسێكی تر .

**مەبەست لە پاكوخاوێنی بەرجەستەش :** خۆپاك كردنەوەیە لە هەموو شتێكی پیس، و لەش گرانی و بێ دەست نوێژی .

خۆپاك كردنەوە لە پیسی : بەوە دەبێت كە بە ئاوێكی پاكوخاوێن هەموو ئەو پیسیانە بەجلوبەرگ و لەش و جێگای نوێژخوێنەوە لاببرێت .

مەبەستیش لە خۆپاك كردنەوە لە بێ دەست نوێژی و لەش گرانی : دەست نوێژ گرتن و خۆشتن

---

([1]) سورة المائدة : الآية6.

([2]) سورة البقرة : الآية222.

([3]) رواه أحمد (123/1، 129)؛ وأبو داود، كتاب الطهارة، باب فرض الوضوء (61)؛ والترمذي، أبواب الطهارة، باب ما جاء أن مفتاح الصلاة الطهور (3)،وابن ماجه، كتاب الطهارة وسننها، باب مفتاح الصلاة الطهور(275)؛ والحاكم (132/1) وقال: صحيح على شرط مسلم» ووافقه الذهبي. وحسنه الألباني في الإرواء: (9/2).

و تەیەموم کردنە .

**چوونە سەر ئاو و ئادابەکانی :**

چوونە سەر ئاو کۆمەڵێك ئادابی هەیە :

یەکەم : ئادابەکانی پێش چوونە سەر ئاو :

1) دەبێت شوێن و جێگایەکی چۆڵ بێت، و دوور بێت لەچاوی خەڵکی .

2) نابێت هەرچییەك پەیوەندی بە یاد و ذیکری خوداوە هەیە نەیباتە ژوور لەگەڵ خۆیدا .

3) قاچی چەپی پێش بخات بەسەر قاچی ڕاستیدا .

4) هەرکاتێك ویستی بچێتە سەر ئاو سوننەتە ئەم نزایە بخوێنێت : « **بسم الله، اللّٰهُمَّ إني أعوذ بك من الخبث والخبائث** » واتا : بەناوی خوا، ئەی خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە هەموو جنۆکەیەکی نێر و مێ .

5) ئەگەر لەجێگایەکی چۆڵ بوو، جلوبەرگەکەی بەرز نەکاتەوە هەتاوەکو دادەنیشێت و نزیك دەبێتەوە لەزەوی، بۆ ئەوەی عەورەتی دەرنەکەوێت .

6) لەکاتی میز وپیسایی کردن ڕوو بە قیبلە و پشت بە قیبلە دانەنیشێت .

7) نابێت ئەو شوێنانەی کە جێگای دانیشتن و سێبەری خەڵکی و ڕێگا و ئاوی خواردنەوەی لەسەرە، بۆ چوونە سەر ئاو بەکار بهێنرێت، یان لەژێر درەختی بەروبووم داردا .

دووەم : ئەو ئادابانەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێن لەپاش چوونە سەر ئاو و کاتی هاتنە دەرەوە:

1) نابێت بە ئێسك و پیسایی ئاژەڵ خۆت پاك بکەیتەوە، یان بە هەر شتێك سوود و قازانجی هەبێت، یان بەهەر شتێکی ڕێزدار، وەك خواردن وهاوشێوەکانی .

2) دەستی ڕاستی بەکارنەهێنێت بۆ خۆپاك کردنەوە، یان بیدات لە ئەندامی نێرینەی (چوکی) .

3) ئەگەر بە بەرد خۆی پاك کردەوە باش وایە تاك بن، وەك ئەوەی بە سێ بەرد خۆی پاك بکاتەوە، ئەگەر پاك نەبوویەوە با بیکات بە پێنج دانە .

4) ئەگەر هاتوو ویستی بە بەرد و ئاو خۆی پاك بکاتەوە، واباشە سەرەتا بە بەردەکە خۆی پاك بکاتەوەو پاشان ئاو بەکار بهێنێت، خۆ ئەگەر تەنها بە یەکێکیان کردی ئەوە دروستە .

5) لەکاتی هاتنە دەرەوەدا قاچی ڕاستی پێش بخات .

6) وەکاتێك هـاتە دەرەوە سوننەتە بڵێ (غفرانك) واتا : لێم خۆش بە خوایە .

**دەست نوێژگرتن :**

پێش ئەوەی مرۆڤی باوەڕدار دەست بکات بە نوێژکردن، دەبێت لەشی گران نەبێت، دەست نوێژی نەشکا بێت، لەش گرانیش بە خۆشتن نەهێڵرێت، بێ دەست نوێژیش بە دەست نوێژ گرتن نامێنێت، خۆ ئەگەر ئاویش دەست نەکەوت بۆ ئەم مەبەستە، یان بەکارهێنانی ئاو زیانی هەبوو، ئەو کاتە دەتوانێت تەیەمووم بکات، کە پاشتر بەدرێژی باسی لێوە دەکەین .

**مانای دەست نوێژ گرتن :** مەبەست لە دەست نوێژ گرتن بەکارهێنانی ئاوێکی پاکوخاوێنە بۆ ئەم چوار ئەندامەی لەش ئەوانیش (دەموچاو، دەستەکان، سەر، قاچەکان) بەو شێوە تایبەتیەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، بەڵگەی دەست نوێژ لە قورئاندا ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرمووێت :

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْ﴾ ([4]) واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە : کاتێک ویستتان هەستن بۆ نوێژ، ئەوە سەرەتا ڕووخسارتان بشۆن، ئینجا دەستەکانتان لەگەڵ ئەنیشکتاندا، پاشان دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتاندا، قاچەکانیشتان بشۆن لەگەڵ قولە پێتاندا، ئەگەر لەشتان گران بوو، ئەوە خۆتان خاوێن بکەن و خۆتان بشۆن .

بەڵگەش لە سوونەت ئەم فەرموودەیە کەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : {لا تقبل صلاة أحدكم إذا أحدث حتى يتوضأ } ([5]) واتا : نوێژی کەستان دروست نییە گیرا نابێت، ئەگەر دەست نوێژی شکا، تاوەکو دەست نوێژ دەگرێتەوە .

## فەزڵی دەست نوێژگرتن :

دەست نوێژگرتن کۆمەڵێ فەزڵی گەورەی هەیە، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین :

خوای گەورە لەبارەی فەزڵی دەست نوێژەوە فەرموویەتی :﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٦﴾ ([6]) واتا : خوای گەورە نایەوێ لە دینداریيدا هیچ جۆرە نارەحەتیەك بخاتە سەرشانتان و سەخڵەتتان بکات، بەڵکو ئەیەوێ (بەدەست نوێژ گرتن) لەگوناهو تاوان پاکتان بکاتەوە , و نازو نیعمەتی خۆیتان

---

([4]) سورة المائدة : الآية 6.

([5]) رواه البخاري، كتاب الوضوء: باب لا تقبل صلاة بغير طهور، رقم (135)، ومسلم، كتاب الطهارة، باب وجوب الطهارة للصلاة، رقم (225). من حديث أبي هريرة رضي الله عنه.

([6]) سورة المائدة: الآية 6.

بەسەردا تەواوبکات تاوەکو سوپاسگوزار بن بۆی .

دەقەکانی سوننەتیش لەبارەی فەزڵی دەست نوێژ گرتنەوە زۆرن، لەوانە :

1) عن أبي هريرة ﷺ قال: سمعت رسول الله ﷺ يقول: { إن أمتي يُدعون يوم القيامة غراً محجلين [7] مـن آثار الوضـوء؛ فمن استطاع منكم أن يطيل غرته فليفعل} ([8]) واتا : ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ کە فەرمووی : لەڕۆژی قیامەتدا ئومەتەکەم بانگ دەکرێت ناوچەوان و دەست و قاچیان سپی و نورانییە لەبەر شوێنەواری دەست نوێژ گرتنیان، هەرکەس لە ئێوە دەتوانێت نێوچەوانی زیاتر نورانی بکات، با بیکات (مەبەست ئەوەیە ئەو کەسەی دەیەوێت زیاتر نوورانی بێت لەڕۆژی دواییدا با دەست نوێژ بەڕێك و پێکی بگرێت، چونکە شوێنەواری دەست نوێژ لە قیامەتدا نوورانی و درەوشاوە دەردەکەوێت) .

2) عن عثمان بن عفان رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ قال: قال رسول الله ﷺ { من توضأ فأحسن الوضوء خرجت خطاياه من جسده حتى تخرج من تحت أظافره } ([9]) واتا : عوثمانی کوڕی عەفان (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە، و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : هەرکەس بەجوانی دەست نوێژی گرت، تاوان و گوناهەکانی لە لاشە و جەستەی دەچێتە دەرەوە، تەنانەت لەژێر نینۆکەکانیشیەوە دێتە دەرەوە.

3) عن أبي هريرة : أن رسول الله ﷺ قال : { إذا توضأ العبد المسلم ـ أو المؤمن ـ فغسل وجهه خرج من وجهه كل خطيئة نظر إليها بعينه مع الماء أو مع آخر قطر الماء، فإذا غسل يديه خرج من يديه كل خطيئة كان بطشتها يداه مع الماء أو مع آخر قطر الماء، فإذا غسل رجليه خرجت كل خطيئة مشتها رجلاه مع الماء أو مع آخر قطر الماء حتى يخرج نقياُ من

---

([7]) مەبەست لە (غرا) ئەو پارچە سپییەیە کە لەنێوچەوانی ئەسپدا هەیە، کە لەدوورەوە دەرکەوت ئەو پارچە سپییە زۆر جوان بەدیار دەکەوێت، بەڵام دواتر لە زمانی عەرەبیدا بۆ جوانی و شوهرەت و ناوبانگ باشی بەکار هاتووە، وە مەبەست لە (محجلين) ئەو پارچە سپییەیە کە بەسێ پەلی ئەسپەوە دەبینرێت، وە مەبەست لەم وشەیە کە لە فەرموودەکەدا هاتووە نورانی بوونە لە دەست و قاچەکانی ئەو کەسەی دەست نوێژ دەگرێت .

([8]) رواه البخاري في كتاب الطهارة، باب فضل الوضوء والغر المحجلون من آثار الوضوء. (136)، ومسلم في الطهارة باب استحباب إطالة الغرة والتحجيل في الوضوء (347)

([9]) رواه مسلم في الطهارة باب خروج الخطايا مع ماء الوضوء(245).

الذنوب } (10) واتا : له ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت)، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : هەرکاتێك بەندە موسڵمان یان باوەڕدار، دەست نوێژی گرت، و ڕووخساری شۆری ئەوە هەرچی گوناهێك بەچاوی بینیبێتی وئەنجامی دابێت، لەگەڵ ئاوەکەیدا یان لەگەڵ دوا دڵۆپی ئاوەکەدا دەچێتە دەرەوە، وە کاتێك دەستەکانی شۆری، ئەوە هەرچی گوناهێك کە دەستی بۆ ڕاکێشابێت و بەدەستی کردبێتی لەگەڵ ئاوی دەست نوێژەکەدا یان لەگەڵ دوا دڵۆپی ئەو ئاوەدا دەچێتە دەرەوە، وە کاتێکیش قاچەکانی شۆری، هەرچی گوناهێك بە قاچی چوبێت بۆی و بەقاچی ئەنجامی دابێت، لەگەڵ ئاوەکەدا، یان لەگەڵ دوا دڵۆپی ئەو ئاوەدا دێتە دەرەوە، بەم شێوەیە هەتاوەکو پاك دەبێتەوە لە گوناهو تاوان .

4) عن عمر بن الخطاب :عن النبي ﷺ قال : {ما منكم من أحد يتوضأ فيبلغ ـ أو فيسبغ الوضوء ـ ثم يقول أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله، إلا فتحت له أبواب الجنة الثمانية، يدخل من أيها شاء } (11) زاد الترمذي : { اللَّهُمَّ اجعلني من التوابين، واجعلني من المتطهرين } (12) واتا : لە عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك لە ئێوە دەست نوێژ بگرێت، بەدەست نوێژگرتنێکی جوان، و پاشان بڵێت : شاهیدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە (الله) کە هیچ شەریك و هاوبەشی نییە، وە شاهیدیش دەدەم کە موحەمەد بەندە و پێغەمبەری خوایە، ئیلا خوای گەورە هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی لێ دەکاتەوە، لەهەر کامێکیانەوە بیەوێت دەچێتە ژوورەوە، ئیمامی تیرموذی لە ڕیوایەتەکەی خۆیدا ئەم زیادەیەی باسکردووە، وە بڵێت « ئەی خوایە بمگێرە لە تەوبەکاران، وە بمگێرە لەو کەسانەی پاکوخاوێنن » .

**فەرزەکانی دەست نوێژگرتن :**

1) یەکجار شۆرینی ڕوخسار، کە لەسەروو نێوچەوانەوە دەست پێ دەکات، هەتاوەکو کۆتایی چەناکە، وە لەگوێی ڕاستەوە بۆ گوێی چەپیش، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا

(10) رواه مسلم في الطهارة باب خروج الخطايا مع ماء الوضوء (244).

(11) رواه مسلم في الطهارة باب الذكر المستحب عقب الوضوء (234).

(12) رواه الترمذي في أبواب الطهارة، باب فيما يقال بعد الوضوء (55)، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجة (470)".

﴿ الَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ ﴾ ([13]) واتا : هەرکاتێك هەستان بۆ نوێژکردن دەموچاوتان بشۆن .

ئاشکرایە ئاوڕادانە دەم و لووتیش حوکمی شۆرینی ڕوخساری هەیە، چونکە دەم و لووت لە سنووری ڕوخسارن، چونکە پێغەمبەر ﷺ لەفەرموودەیەکدا فەرموویەتی : { إذا توضأ أحدكم فليجعل في أنفه ماء ثم لينتثر } ([14]) واتا : هەر کەسێك لە ئێوە دەست نوێژی گرت با ئاو وەرداتە لووتی و پاشان ئاوەکە لە لووتی بێنێتە دەرەوە .

2) شۆرینی دەستەکان لەگەڵ ئەنیشکەکان، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ ﴾([15]) واتا : وە دەستەکانتان لەگەڵ ئەنیشکتان بشۆن .

3) دەستی تەڕ هێنان بەسەر موەکانی پێشەوەی تاوەکو پشتی سەر، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ ﴾([16]) واتا : پاشان دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتاندا .

4) شۆرینی قاچەکان لەگەڵ قولەپێکاندا، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِ ﴾ ([17]) واتا : وە قاچەکانتان لەگەڵ قولەپێکانتان بشۆن .

5) شۆرینی یەك لەدوای یەك : واتا : سەرەتا بە شۆرینی ڕوخسار دەست پێ بکات، پاشان دەستەکان تاوەکو ئەنیشکەکان، ئەمجا دەستی تەڕ بهێنێت بەسەریدا، کۆتاجاریش قاچەکان تا قولەپێکان بشوات، چونکە بەم شێوە یەك لەدواییەك و تەرتیبە خوای گەورە باسی کردوون .

6) دەبێت شۆرینی ئەو ئەندامانەی دەست نوێژ نێوانیان نەکەوێت، بەشێوەیەك نەبێت ڕوخسارت شۆری پاش ماوەیەکی تر دەستەکانت بشۆیت، کە زانایان بەووشەی (الموالاة) ئاماژەیان بۆ کردووە، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی کەم نێوانیان کەوت ئەوە چاوپۆشی لێکراوە .

## سوننەتەکانی دەست نوێژ گرتن :

---

([13]) سورة المائدة: الآية 6.

([14]) رواه مسلم في الطهارة، باب الإيتار في الاستنثار والاستجمار (237).

([15]) سورة المائدة : الآية6.

([16]) سورة المائدة : الآية 6.

([17]) سورة المائدة : الآية 6.

1) سیواك كردن .

2) ووتنی (بسم الله الرحمن الرحیم).

3) شۆرینی سێ جاری لەپەكانی دەست، بەڵام ئەگەر هاتوو لەخەو هەستا بوو، ئەوە واجبە لەپەكانی دەستی بشوات پێش ئەوەی بیانخاتە ناو هیچ دەفرێكەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : { إذا استيقظ أحدكم من نومه فليغسل يديه قبل أن يدخلهما في الإناء ثلاثاً، فإن أحدكم لا يدري أين باتت يده } ([18]) واتا : هەر كەسێك لە ئێوە لەخەو هەستا پێش ئەوەی دەسەكانی بخاتە ناو دەفرەوە، ئەوە با سێجار بیانشوات، چونكە هیچ كەس لە ئێوە نازانێت دەستەكانی لەشەودا لەكوێدا بوون .

4) پێش ئەوەی ڕوخساری بشوات زۆر جوان ئاو وەرداتە دەم و لووتی، تەنها لەو كاتەدا نەبێت كە بە ڕۆژووە .

5) دەست خستنە ناو ڕیشەوە ئەگەر هاتوو پڕ و زۆر بوو .

6) دەستی تەڕ هێنان بە ناو گوێیەكاندا .

7) دەست خستنە ناو پەنجەكانەوە .

8) شۆرینی جاری دووەم و جاری سێهەم سوننەتە .

9) ڕاست پێش خستن، بە شێوەیەك یەكەمجار ئەندامە ڕاستەكانی بشوات، پاشان چەپی .

10) پاش ئەوەی لە دەست نوێژەكەی تەواو بوو، ئەو نزاو ویردانە بخوێنێت كە لەم بارەیەوە هاتوون، وەك ووتنی : { أشهد أن لا إلٰه إلا اللّٰه وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله ، اللّٰهُمَّ اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين } ([19]) واتا : شاهیدی دەدەم كە هیچ پەرستراوێكی بەهەق نییە جگە لە (الله) كە هیچ شەریك و هاوبەشی نییە، وە شاهیدیش دەدەم كە موحەمەد بەندە و پێغەمبەری خوایە، ئەی خوایە بمگێڕە لە تەوبەكاران، وە بمگێڕە لەو كەسانەی پاكوخاوێنن.

### مەكروهاتەكانی دەست نوێژ :

---

([18]) رواه البخاري، كتاب الوضوء، باب الاستجمار وترا، رقم (162)، ومسلم، كتاب الطهارة: باب كراهة غمس المتوضئ وغيره يده المشكوك في نجاستها في الإناء، قبل غسلها ثلاثا، رقم (278) عن أبي هريرة رضي الله عنه

([19]) رواه مسلم، كتاب الطهارة: باب الذكر المستحب عقب الوضوء، رقم (234).دون قوله: «اللهم اجعلني من التوابين، واجعلني من المتطهرين»، وهذه الزيادة رواها الترمذي، في أبواب الطهارة: باب ما يقال بعد الوضوء، رقم (55)، وصححها الألباني في صحيح سنن الترمذي (18/1) رقم (48)..

1) دەست نوێژ گرتن لە جێگایەکی پیس و پۆخڵدا، ئەویش لەترسی ئەوەی نەوەك پرژی ئاوی پیس بەری بکەوێت .
2) زیاد لە سێجار شۆرینی ئەندامەکانی دەست نوێژ .
3) زیادەڕۆیی لە ئاو بەکارهێنان .
4) نەکردنی سوننەتێك یان چەند سوننەتێکی ناو دەست نوێژ .

## چۆنیەتی دەست نوێژگرتن :

یەکەمجار باسی چۆنیەتی ئەو دەست نوێژگرتنە دەکەین کە بە دەست نوێژێکی (مجزيء) دروست دادەنرێت، ئەویش ئەوەتانێ کە ئەو کەسەی دەست نوێژ دەگرێت نیەتی دەست نوێژ بهێنێت، و پاشان (بسم الله الرحمن الرحيم) بڵێ، وئەمجا ئاو لە دەم و لوتی ڕابدات، پاشان ڕوخساری بشوات، ئەمجا دەستەکانی لەگەڵ ئەنیشکی، پاشان دەستی تەڕ بەسەریدا بهێنێت، لەگەڵ ناو گوێیەکانی، ئەمجا قاچەکانی لەگەڵ قولە پێیەکانی بشوات، بە مانایەکی تر هەموو ئەندامەکانی دەست نوێژ یەکجار بشوات، ئەمەش چۆنیەتی دەست نوێژی (مجزيء) دروست بوو .

دووەم جار باسی چۆنیەتی دەست نوێژ گرتنێکی تەواو (کامل) دەکەین، ئەویش بەوە دەبێت، سەرەتا نیەت بهێنێت و پاشان (بسم الله الرحمن الرحيم) بڵێ، ئەمجا لەپەکانی دەستی سێ جار بشوات، پاشان بەسێ مشتی خۆی سێ جار ئاو لە دەم و لوتی وەردات، ئەمجا سێ جار ڕوخساری بشوات، پاشان دەستی ڕاستی تا ئەنیشکی سێ جار بشوات، ئەمجا دەستی چەپی بەهەمان شێوە، پاشان یەکجار دەستی تەڕ بهێنێت بەسەریدا لە پێشی سەرەوە هەتاوەکو دەگاتە پشت ملی، ئەمجا بە ئاوێکی نوێ دەستەکانی تەڕ بکات و هەردوو پەنجەی شایەتومانی بخاتە ناو هەردوو گوێی، وە بە پەنجە بەرانەی مەسحی پشتگوێی بکات، پاشان قاچی ڕاستی لەگەڵ قولە پێیەکانی سێ جار بشوات، ئەمجا قاچی چەپی بەهەمان شێوە، لەکۆتاییشەوە ئەو نزایەی سەرەوە بخوێنێت کە ئاماژەمان پێدا : « **أشهد أن لا إلٰه إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله ، اللّٰهُمَّ اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين** » .

**هەڵوەشێنەرەوەکانی دەست نوێژ، ئەو شتانەی دەست نوێژ دەشکێنن:**

1) هەرشتێك لە پاش و پێشی مرۆڤ دەرچێت، وەك میز و پیسایی و هەرجۆرە شتێکی تریش .

2) لەدەستدانی عەقڵ، بە لەهۆش خۆ چوون، یان بە سەرخۆشی، یان بەشێتی بێت .

3) خەوتنێکی وا کە مرۆڤ هەستی لەدەست بدات و ئاگای لەخۆی نەمێنێت.

4) بەرکەوتنی ناو لەپی دەست و پەنجەکان لە (چۆك) ئەندامی نێرینە .

5) پاشگەز بوونەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ؟

6) خواردنی گۆشتی ووشتر (لەسەر ڕای بۆچوونی هەندێك لەمەزهەبەکان) .

7) دەست لێدانی پیاو لە ئافرەت بە شەهوەتەوە، یان دەست لێدانی ئافرەت لە پیاو بە شەهوەتەوە .

**چەند بابەتێکی گرنگ شایانی باسکردنە :**

بابەتی یەکەم : هەر کەسێك دڵنیا بوو لەوەی دەست نوێژی هەیە، و گومانی بۆ دروست بوو کە دەست نوێژ نەماوە، ئەوە لەم کاتەدا لەسەر دڵنیاییەکەی خۆیەتی و دەست نوێژی هەیە .

بابەتی دووەم : هەر کەسێك دڵنیا بوو لەوەی دەست نوێژی نییە ، و گومانی بۆ دروست بوو کە دەست نوێژی هەیە، ئەوە لەم کاتەدا لەسەر دڵنیاییەکەی خۆیەتی و دەست نوێژی نییە، بۆیە با دەست نوێژەکەی بگرێتەوە .

بابەتی سێهەم : میز و شیاکەی ئەو گیاندارەی گۆشتی دەخورێت، لەگەڵ ئاوی پیاو هەر هەمووی پاکە .

بابەتی چوارەم : ئەگەر موسڵمانێك گومانی لە پاکی یان پیسی ئاوێك بۆ دروست بوو، ئەوە لەسەر دڵنیایی خۆی دەمێنێتەوە، چونکە هەموو شتێك لە بنەمادا پاکوخاوێنە .

بابەتی پێنجەم : ئەگەر ئاوێکی پاك وئاوێکی پیسی لێ گۆڕدرا، لەم کاتەدا سەرنج بدات و چاك لێیان وورد بێتەوە تاوەکو ئاوە پاکەکەی بۆ دەستنیشان دەکرێت، ئەمجا با دەست نوێژەکەی پێ بگرێت .

## مەسح كردن لەسەر (خوفەكان)

**یەكەم : پێناسەی (خوفەكان)** : خوفەكان وەك گۆرەوی وان كە لەپێ دەكرێن و لە پێست دروست كراون، بەهەمان شێوە ئەگەر لە كەتان و لە خوری و هاوشێوەكانیشی دروست كرابوون هەر حوكمی ئەو خوفەیان هەیە كە لە پێست دروست كراون .

**دووەم : بەڵگەی مەسح كردن لەسەر (خوفەكان)** :

كۆمەڵێك فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە ڕادەیان دەگاتە متەواتر باسیان لەچۆنیەتی مەسح كردنی سەر خوفەكان كردووە، یەكێك لەو فەرموودانە : عن عبد الله بن عمر عن سعد بن أبي وقاص عن النبي ﷺ { أنه مسح على الخفين } ([20]) واتا : عەبدوڵلای كوڕی عومەر لە سەعدی كوڕی ئەبی وەقاصەوە ڕیوایەتی كردووە (خوایان لێ ڕازی بێت) كە پێغەمبەر ﷺ مەسحی لەسەر خوفەكان كردووە .

عن عمرو بن أمية الضمري قال : { رأيت رسول الله ﷺ يمسح على عمامته وخفيه } ([21]) واتا : عەمری كوڕی ئومەیەی ضەمیری (خوای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : پێغەمبەری خوام بینی ﷺ كە مەسحی لەسەر عەمامەكەی و خوفەكانی دەكرد .

عن المغيرة بن شعبة رضي الله عنه قال : {كنت مع النبي ﷺ في سفر ، فأهويت لأنزع خفيه ، فقال : « دَعْهُمَا فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ فَمَسَحَ عَلَيْهِمَا } ([22]) واتا : موغەیرەی كوڕی شوعبە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : لەسەفەرێكدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا بووم ﷺ پەلامارم دا خوفەكان لە پێی دابكەنم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : وازیان لێ بهێنە، چونكە من لەسەر خاوێنی (بەدەست نوێژەوە) لەپێم كردوون، ئەمجا مەسحی لەسەر (خوفەكان) كرد .

**سێهەم : مەرجەكانی مەسح كردن لەسەر (خوفەكان)** :

بۆ مەسح كردن لەسەر خوفەكان چەند مەرجێك پێویستن :

1) دەبێت لەسەر پاكی لە پێ كرابن، واتە پێش ئەوەی لە پێیان بكات دەبێت دەست نوێژی هەبوو

---

([20]) رواه البخاري في الوضوء ـ باب المسح على الخفين (202).

([21]) رواه البخاري في الوضوء ـ باب المسح على الخفين (204).

([22]) رواه البخاري في الوضوء ـ باب إذا أدخل رحليه وهما طاهرتين (206)، ومسلم كتاب الطهارة في باب المسح على الخفين (274).

بێت، ئەویش بە بەڵگەی فەرموودەکەی موغەیرەی کوڕی شوعبە کە کەمێك پێش ئێستا باسمان کرد : عن المغيرة بن شعبة ﷺ قال : **كنت مع النبي ﷺ في سفر ، فأهويت لأنزع خفيه ، فقال : { دَعْهُمَا فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ فَمَسَحَ عَلَيْهِمَا }** ([23]) واتا : موغەیرەی کوڕی شوعبە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : لەسەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا بووم ﷺ پەلامارم دا خوفەکان لە پێی دابکەنم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : وازیان لێ بهێنە، چونکە من لەسەر خاوێنی (بەدەست نوێژەوە) لەپێم کردوون، ئەمجا مەسحی لەسەر (خوفەکان) کرد .

2) دەبێت ئەو خوفانە یان ئەو گۆرەویانە پاکو خاوێن بن و پیس نەبن، چونکە ئەگەر پیس بوون دروست نییە مەسحیان لەسەر بکریت. (لەسەر ڕای هەندێك لە مەزهەبەکان مەسح کردن لەسەر گۆرەوی بە دروست نازانن، بەڵام پەیێ بەڵگەکان ڕای پەسەند ئەوەیە دروستە مەسح کردن لەسەر گۆرەوی ) .

3) دەبێت ئەو خوفانە، تەواوی ئەو جێگایەی کە فەرزە بشۆرێت داپپۆشێت ( واتە قاچ و قولە پێکان داپۆشێت) .

## چوارەم : ماوەی مەسح کردن لەسەر (خوفەکان) :

ماوەی مەسح کردنی سەر خوفەکان بۆ کەسێکی نیشتەجێ، شەو و ڕۆژێکە، وە بۆ کەسی موسافیریش سێ شەو و سێ ڕۆژە، سەرەتاکەشی لە سەر ڕای دروست لەو کاتــەوە دەست پێ دەکات کە مەسحت لەسەر خوفەکان دەست پێکردووە .

## پێنجەم : چۆنیەتی مەسح کردن لەسەر (خوفەکان) :

دەستەکانی بە ئاو تەڕ دەکات، ئەمجا دەیهێنێت بە دیوی دیاری سەرەوەی خوفەکان، بەبێ ئەوەی بیهێنێت بەژێر خوف و پاژنە پێکانیدا .

---

([23]) رواه البخاري في الوضوء ـ باب إذا أدخل رحليه وهما طاهرتين (206)، ومسلم كتاب الطهارة في باب المسح على الخفين (274).

**شەشەم : بەتاڵ کەرەوەکانی مەسح لەسەر (خوفەکان) :**

1) ئەگەر هاتوو خوفەکان لە پێ داکەنران .

2) ئەگەر هاتوو بارودۆخێکی وا هاتە پێشەوە ئەو کەسە واجب بوو غوسلی لەش گرانی بکات .

3) ئەگـــەر هاتوو ماوەی مەسح کردنی سەر خوفەکان تەواو بوو .

## خۆشتن (الغسل)

### ئەو شتانەی خۆشتن واجب دەكەن :

1) لەش گرانی (الجنابة) : ئەمەش جووت بوونی پیاو و ژن دەگرێتەوە كە هەردوو خەتەنەیان لێك بكەوێت، ئەگەر چی ئاویش نەیەتە خوارەوە .

مەبەست لە هاتنە خوارەوەی ئاو بریتیە لە هاتنەوەی ئاوی پیاو كە بە تەكان دەردەچێت لەگەڵ هەست كردن بە خۆشییەك، جا لەكاتی خەودا بێت ، یان لەكاتی بەخەبەربووندا بێت ، چی لە پیاو یان لەژن دەربچێت، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْ﴾[24] واتا : ئەگەر لەشتان گران بوون، دەبێ تەواوی جەستەو لاشەتان بشۆرن و خاوێنی كەنەوە , هەورەها پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی:{ إذا التقى الختانان فقد وجب الغسل} ([25]) واتا : ئەگەر هاتوو هەردوو خەتەنەی پیاو و ئافرەت بەیەك گەیشتن، ئەوە ئیتر خۆشتن واجب دەبێت .

2) بڕانەوەی خوێنی حەیز و منداڵ بوون، واتا ئافرەت ئەگەر لە سوڕی مانگانە یان خوێنی منداڵ بوون پاك بوویەوە، واجبە خۆی بشوات، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ وَلَا تَقۡرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطۡهُرۡنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرۡنَ فَأۡتُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾([26]) واتا: كەوابوو ئێوەیش لەماوەی بێ نوێژییاندا لێیان وەدووربن وتێكەڵی سەرجێیان مەكەن، وە نابێ نزیكیان ببنەوەو بچنەلایان، هەتاپاك دەبنەوە، جاكە پاكیش بوونەوەو خۆشیان شوشت، ئەوجا دەتوانن بچنەلایان و تێكەڵاوییان لەگەڵ بكەن .

هەروەها بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەش : عَنْ عَائِشَةَ- رَضِيَ اللهُ عَنْهَا- أَنَّ أُمَّ حَبِيبَةَ- رَضِيَ اللهُ عَنْهَا- شَكَتْ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ الدَّمَ، فَقَالَ: { امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ، ثُمَّ اغْتَسِلِي } ([27]) واتا : عائیشەی دایكی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە كە (أم حبيبة) (خوای لێ ڕازی بێت) شەكوای حاڵی خۆی لای پێغەمبەر ﷺ كرد لەسەر ئەوەی خوێنی پێدا دێت، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو : بە ئەندازەی ئەوەی ماوەی ئاسایی خۆتە حسابی بكە،

---

([24]) سورة المائدة : الآية 6.

([25]) رواه الإمام أحمد برقم (26067)، وابن ماجة في أبواب الطهارة وسننها، باب ما جاء في وجوب الغسل إذا التقى الختانان (608)، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجة (492).

([26]) سورة البقرة : الآية 222.

([27]) رواه مسلم في كتاب الحيض ، باب المستحاضة وغسلها وصلاتها (785).

پاش ئەوە خۆت بشۆ ( واتا پاش ئەوەی خۆت شۆرد ئیتر نوێژی خۆت بکە .

وە بەڵگەش لەسەر واجب بوونی خۆشۆردن پاش خوێنی (نفاس) مناڵ بوون، ئەوەیە خوێنی مناڵ بوون جۆرێکە لە خوێنی حەیز، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە کاتێك عائیشەی دایکی باوەڕداران کەوتە سوڕی مانگانەوە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو : { لعلَّكِ نُفِسْتِ }[28] واتا : لەوە دەچێت کەوتبیتە سوڕی مانگانەوە، لێرەدا خوێنی حەیزی بە ووشەی (نفاس) دەربڕیوە، کەواتە (نفاس = خوێنی مناڵ بوون) جۆرێکە لە خوێنی سوڕی مانگانە .

## چۆنیەتی خۆشتن :

خۆشتن بەدوو شێوە دەبێت :

یەکەم : چۆنیەتی خۆشتنێکی تەواو (کامل) : بەو شێوەیە دەبێت کە نیەتی لابردنی لەشگرانی بهێنێت، و پاشان بڵێت (بسم الله)، دوای ناو لەپەکانی سێ جار بشوات، ئەمجا پاش وپێشی خۆی پاك بکاتەوە، پاشان دەست نوێژ بگرێت، دوای بە سێ مشت ئاو سەری و گوێیەکانی سێ جار بشوات، ئەمجا لەسەرەوە بۆ خوراەوە ئاو بکات بەلای ڕاستیدا، پاشان هەر بەو شێوەیە بەلای چەپیدا ، بەڵام ئەو جێگایانەی کە کەمێك شاراوە و لۆچیان هەیە دەستیان تێ بخات، وەك ناوك و سەر ئەژنۆ و بن باڵەکانی .

دووەم : چۆنیەتی ئەو خۆشتنەی کە واجبەکەت لەسەر دەکەوێت (مجزيء) ئەو خۆشۆردنەیە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەموو لاشەت بشۆریت لەگەڵ ئاو ڕادانە ناو لووت و گوێیەکانەوە .

---

[28] رواه البخاري، كتاب الحيض: باب تقضي الحائض المناسك كلها إلا الطواف بالبيت، رقم (305) ومسلم، كتاب الحج: باب بيان وجوه الإحرام، رقم (1211) .

## تەیەموم

تەیەموم یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئومەتی ئیسلام، کە لەبری دەست نوێژ خوای گەورە دیاری کردووە .

### یەکەم : پێناسەی تەیەموم .

مەبەستیش لە تەیەموم ئەوەیە مرۆڤی باوەڕدار بە نیەتی پەرستنی خوای گەورە ، ڕوخسار و لەپی دەستەکانی بە گڵێکی پاکوخاوێن مەسح بکات .

### دووەم : چی کاتێک تەیەموم کردن دروست و مەشروعە ؟

تەیەموم لەم حاڵەتانەی کە باسیان لێوە دەکەین مەشروع و دروستە :

1) ئەگەر کاتێك ئاو نەبوو .

2) کاتێك ئەگەر برینێك یان نەخۆشیەکی وای هەبوو ترسا لە بەکارهێنانی ئاو .

3) ئەگەر هاتوو ئاو هەبوو، بەڵام ئاوەکە هێندە سارد بوو، ئەو کەسە نەیشی دەتوانی گـەرمی بکات، وە ئەگـەر بەساردیش بەکاری بهێنایە زیانی بۆی دەبوو .

4) ئەگەر ئەو ئاوەی پێی بوو، پێویستی پێی بوو بۆ خواردنەوەی خۆی یان غەیری خۆی، وە دەترسا لەوەی ئەگەر بەکاری بهێنێت دواتر تینویەتی زۆریان بۆ بهێنێت .

### سێهەم : ئەو شتانەی تەیەموم بەتاڵ دەکەنەوە :

1) بوونی ئاو، یان پەیدا بوونی ئاو .

2) ئەو شتانەی دەست نوێژیان بەتاڵ دەکردەوە تەیەمومیش بەتاڵ دەکەنەوە .

### چوارەم : چۆنیەتی تەیەموم کردن :

سەرەتا نیەتی تەیەموم بهێنێت (دیارە نیەتییش لەدڵدایە) پاشان، ناوی خوای گەورە بهێنێت، ئەمجا یەکجار بە ناو لەپی دەست بکێشێت بەو گڵەی کە تەیەمومەکەی پێ دەکات، دواتر ڕوخسار و هەردوو لەپی پێ مەسح بکات .

## باسی حەیز و ئافرەتی منالْ بوو، ئیستاحضة

### یەکەم : پێناسەی حەیز (خوێنی سوڕی مانگانە):

ئەو خوێنەیە کە لەپاش بالْغ بوون لە منالْدانی ئافرەت و لە جێگە شەرمی لەچەند کاتێکی دیاری کراودا دەردەچێت، کەمترین ماوەی حەیزی شەو و ڕۆژێکە و لای زۆریشی پانزە رۆژە .

### دووەم : پێناسەی خوێنی منالْ بوون (النفاس):

ئەو خوێنەیە کە لە جێگە شەرمی ئافرەت بەهۆی منالْ بوونەوە دەردەچێت، لانی کەمی ماوەکەی دیاری نییە، هەرکاتێك ئەو ئافرەتەی منالْی بووە دلْنیا بوو لەوەی پاك بووەتەوە، خۆی بشوات و دەست بکاتەوە بە کردنی نوێژەکانی، لای زۆری ماوەی خوێنی منالْ بوونیش چل ڕۆژە .

### سێهەم : موستەحاضة :

پێناسەی ئیستحاضە : (موستەحاضة) بەو ئافرەتە دەوترێت کە ماوەی خوێنی سوڕی مانگانەی (حەیزەکەی) زیاتر بێت لە پانزە ڕۆژ .

### چوارەم : هەندێک لە حوکمەکانی ئافرەتی حەیزدار و منالْ بوو :

1) حەرامە پیاو بچێتە لای ئەو ئافرەتەی کە کەوتوتە سوڕی مانگانە (حەیز) و منالْ بوونەوە، و سەرجێی لەگەلْدا بکات، هەتاوەکو پاك دەبێتەوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾ ([29]) واتا : نزیك ئەو ئافرەتانە مەکەونەوە و سەرجێیان لەگەلْدا مەکەن هەتاوەکو پاك دەبنەوە .

2) حەرامە ئەو ئافرەتەی کە دەکەوێتە سوڕی مانگانە و منالْ بوونەوە، نوێژ و ڕۆژوو بگرێت، بەلاَم هێندە هەیە دەبێت ڕۆژووەکانی پاش ئەوەی پاك بوویەوە بیانگرێتەوە، بەلاَم نوێژەکانی ناکاتەوە .

3) حەرامە لەسەریان کە تەوافی مالْی خوای گەورە بکەن هەتاوەکو پاك دەبنەوە و خۆیان دەشۆرن .

([29]) سورة البقرة : الآية 222.

4) نابێت دەست لە قورئانی پیرۆز بدەن، مەگەر بەدەست کێش و هاوشێوەکانیەوە نەبێت .

**پێنجەم : حاڵەتەکانی (موستەحاضة ):**

ئافرەتی (موستەحاضة) سێ حاڵەتی هەیە :

1) یان ئەوەتانێ ماوەی سوڕی مانگانەی خۆی دەزانێت، ئەو کاتە ئەو ماوەیە دادەنیشێت، مەبەست ئەوەیە نوێژ و ڕۆژی لەسەر یاساغ و قەدەغە دەبێت، پاشان خۆی دەشوات و نوێژەکانی دەست پێ دەکاتەوە.

2) یان ئەوەتانێ ماوەی سوڕی مانگانەی خۆی نازانێت و جودای ناکاتەوە، لەم کاتەدا وەك کەسە نزیکەکانی خۆی چاوەڕوان دەکات، خۆ ئەگەر کەسی نزیکی نەبوو، ئەو کاتە وەك زۆربەی زۆری ئافرەتان کە شەش یان حەوت ڕۆژ چاوەڕوان دەکات، و پاش خۆشتن دەست دەکاتەوە بە نوێژ کردن، وە ئەو خوێنەی کە زیاتر بێت لەو شەش یان حەوت ڕۆژە بە خوێنی (ئیستحاضە) دادەنرێت، بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژێکی تازە هەڵدەگرێت و نوێژی خۆی دەکات، بەڵگەش بۆ ئەم مەسئەلەیە، ئەو ڕیوایەتەیە کە پێشتر ئامـاژەمان پێدا :

"عَنْ عَائِشَةَ- رَضِيَ اللهُ عَنْهَا- أَنَّ أُمَّ حَبِيبَةَ- رَضِيَ اللهُ عَنْهَا- شَكَتْ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ الدَّمَ، فَقَالَ : { امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ، ثُمَّ اغْتَسِلِي } ([30]) واتا : عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە (أم حبيبة) (خوای لێ ڕازی بێت) شەکوای حاڵی خۆ لای پێغەمبەر ﷺ کرد لەسەر ئەوەی زیاد لەڕادەی خۆی خوێنی پێدا دێت، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو : بە ئەندازەی ئەوەی ماوەی ئاسایی خۆتە حسابی بکە، پاش ئەوە خۆت بشۆ (واتا پاش ئەوەی خۆت شۆرد ئیتر نوێژی خۆت بکە).

3) ئەگەر هاتوو عادەتی وا نەبوو هەمیشە بکەوێتە خوێنی (ئیستحاضە) وە، بەڵام دەیتوانی خوێنی ڕەشی سوڕی مانگانەی خۆی، جیا بکاتەوە لە خوێنەکانی تر، لەم کاتەدا ئەگەر هاتوو پاك بوویەوە لەو خوێنە ڕەشەی سوڕی مانگانەی خۆی دەشوات و دەست دەکاتەوە بە نوێژەکانی .

**چوارەم : هەندێک لە حاڵەتەکانی ئافرەتی موستەحاضە :**

([30]) رواه مسلم في كتاب الحيض ، باب المستحاضة وغسلها وصلاتها (785).

ئافرەتی موستەحاضە : خۆی دەشوات و ڕۆژوو دەگرێت و نوێژەکانی دەکات، بەڵام هێندە هەیە بۆ هەموو نوێژێك دەبێت دەست نوێژی نوێ بگرێتەوە، وە دروستە بۆ پیاوەکەشی بچێتەلای و سەرجێی لەگەڵ بکات، بە کورتی و بەکوردی هەرشتێك لەکاتی سوڕی مانگانەیدا لێی قەدەغە کرابوو بۆی دروست دەبێت لەکاتی (ئیستحاضە) دا .

خۆێنەری بەرێز: لە پاش باسی پاکوخاوێنی بەشی نوێژ دێت...تکایە چاوەڕوان بن.

# پێڕستی بابەتەکان



| | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | پاکوخاوێنی (الطهارة) | 4 |
| 2 | جۆرەکانی پاکوخاوێنی (الطهارة) | 4 |
| 3 | چوونە سەر ئاو و ئادابەکانی | 5 |
| 4 | دەست نوێژگرتن | 6 |
| 5 | فەزڵی دەست نوێژگرتن | 6 |
| 6 | فەرزەکانی دەست نوێژگرتن | 8 |
| 7 | سوننەتەکانی دەست نوێژ گرتن | 10 |
| 8 | مەکروهاتەکانی دەست نوێژ | 11 |
| 9 | چۆنیەتی دەست نوێژگرتن | 11 |
| 10 | هەڵوەشێنەرەوەکانی دەست نوێژ، ئەو شتانەی دەست نوێژ دەشکێنن | 12 |
| 11 | مەسح کردن لەسەر (خوفەکان) | 13 |
| 12 | خۆشتن (الغسل) | 16 |
| 13 | چۆنیەتی خۆشتن | 17 |
| 14 | تەیەموم | 18 |
| 15 | باسی حەیز و ئافرەتی مناڵ بوو، ئیستاحضة | 19 |

IslamHouse.com